پزشکیان: ئێران بەپێی مادەی 51ی میساقی نەتەوە یەکگرتوکان مافی بەرگری شەرعی خۆی بەکارهێناوە

مەسعود پزیشکیان، سەرۆک کۆماری ئێران ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بەپێی مادەی 51ی میساقی نەتەوە یەکگرتوکان مافی بەرگری شەرعی خۆی بەکارهێناوە و جەختی لەوە کردەوە کە "ئەگەر ئەو هێرشانە بەبێ وەڵام بمابایەتەوە، ئەوا شەڕێکی هەمەلایەنە لە ناوچەکەدا سەریهەڵدەدا".

مەسعود پزیشکیان، ئەمڕۆ هەینی لە وتارێکدا لە لوتکەی یەکیەتی ئابوریی ئوراسیا ڕایگەیاند، دامەزراوە ئەتۆمییەکان کە لە ژێر سەرپەرشتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی دایە، لە هێرشەکەدا کراونەتە ئامانج کە ئەو هێرشانە هاوکاتبو لەگەڵ دانوستانی ناڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئەمریکا. ئاماژەی بەوەشکرد، هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل پێشێلکردنی ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکان پێکدەهێنێت و "ئەگەر بەبێ وەڵام بمابایەتەوە، ئەوا شەڕێکی هەمەلایەنە لە ناوچەکەدا سەریهەڵدەدا".

مەسعود پزیشکیان باسی لەوەشکرد، "ئەو کردەوانەی ڕژێمی زایۆنی ئەنجامیداون، گورزێکی قەرەبو نەکراوە بو لە هەنگاوەکانی نەهێشتنی بڵاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی " جەختی لەوە کردەوە کە نابێت ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان پێشێل بکات.

دەشێت، "ئێران بەپێی مادەی 51ی میساقی میللی نەتەوە یەکگرتوکان مافی بەرگری شەرعی خۆی بەکارهێناوە".

سەرۆك کۆماری ئێران، باسی لە سروشتی هێرشەکان کرد و ئاماژەی بەوەدا کە مامۆستایانی زانکۆ، کارمەندانی سەربازی، نەخۆش و هاوڵاتیانی مەدەنی کراونەتە ئامانج و سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئەو وڵاتە سەربەخۆیانە دەربڕی کە هێرشەکەیان شەرمەزار کردوە.